Cyngor Abertawe
Swansea Council

**ڕاوێژکردن لەبارەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان بە قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان**

یەکەی بەدەستخستنی کەمایەتییە نەژادییەکان The Ethnic Minority Achievement Unit (EMAU) دەزگایەکی ناوەندیی خزمەتگوزاریی پەروەردەیی سەر بە دەستەڵاتی خۆجێیە کە یارمەتیی فەراهەمکردنی دەستگیرۆیی بۆ قوتابییانی کەمایەتییە نەژادییەکان لە قوتابخانەکاندا دەدات بە تایبەتی ئەوانەی ئینگلیزییان وەك زمانێکی سەربار English as an additional language (EAL) هەیە. دەزگا خزمەتگوزارییەکە ئامانجییەتی ئاستەکانی قوتابییانی کەمایەتییە نەژادییەکان بەرز بکاتەوە و ئاوێتە بوونیان هان بدات. ئەم یەکەیە فێرکارانی یاریدەدەری جووت زمان Bilingual teaching assistants ی هەیە کە بە تاك لەگەڵ قوتابییان و لەگەڵ ئەو مامۆستا تایبەتمەندانەدا کار دەکەن کە لەگەڵ قوتابییەکاندا کار دەکەن و ئەندامانی دەستەی قوتابخانە مەشق پێ دەکەن تاوەکو بگەنە ئەوەی پێویستییەکانی قوتابییانی EAL و خێزانەکانیان پڕ بکەنەوە. لەپاڵ ئەوانەشدا، خزمەتگوزارییەکانی لێکدانەوە و وەرگێڕانیش دەستەبەر کراون.

لە ڕابوردوودا، کاری EMAU بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن بەخششێکی ساڵانەی حکومەتی وێلز و بڕە پارەی پچووك پچووکی دابین کردنی ئەنجومەنەوە پارەی بۆ دابین دەکرا. چەند ساڵێکە بڕی پارە تەرخان کردن ساڵ بەساڵ کەم دەبێتەوە. بەشی زۆری ئەو پارە تەرخان کراوە وەك مووچە بە ئەندامانی دەستە دەدرێت. بۆیە، بە کەمبوونەوەی پارەی بۆ تەرخانکراو، ژمارەی فێرکارانی یاریدەدەری جووت زمانیش و مامۆستایانی تایبەتمەندیش کە بۆ دەزگا خزمەتگوزارییەکە کار دەکەن، کەم بوونەتەوە. بەڵام، لەم کاتەدا، داوا لەسەر دەزگا خزمەتگوزارییەکە زیادی کردووە بەهۆی ئەوەی کە ژمارەی قوتابییانی کەمایەتییە نەژادییەکان و EAL لە قوتابخانەکانی سوانسی Swansea بەردەوام زیادیان کردووە. مۆدێلی ئێستای دەزگا خزمەتگوزارییە ناوەندییەکە لە فەراهەمکردنی یارمەتی بۆ قوتابییان و قوتابخانەکان ناگاتە ئاستی ئەوەی داوا دەکرێت.

حکومەتی وێلز بۆچوونی خۆی دەربڕیوە کە نابێت یارمەتی بۆ قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان وەك سەربارێك ببینرێت و ڕێکخستنەکانی پێشووتر کرابوون بۆ پارە تەرخانکردن لە ڕێی بەخششەکانەوە هەمیشەیی نین. لەبەرئەوە دەستەڵاتە خۆجێیەکان هان دەدرێن، لە بارودۆخێکدا کە فشاری زیاتر لەسەر بوجە هەبێت، هاوکارییان و کاری هاوپشکییان لە پێناو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری زیاتر بکەن.

لە ئەپیرێل (نیسان) ی 2018 ەوە حکومەتی وێلز بەخششی پارەتەرخانکردنی بۆ دەزگا خزمەتگوزارییەکە دەبڕێت بەڵام وتوویەتی شتێك پارە بۆ یارمەتیدان لە گواستنەوەی دەستەڵاتە مەدەنییە سەرەکییەکان بۆ ڕێگای جیاوازی کارکردن فەراهەم دەکات. لەم خاڵەدا، وێنەیەکی ڕوونمان لەبەرچاو نیە بۆ ئەوەی ئایا پارە تەرخان کردن لە ئەپیرێل (نیسان) ی 2019 ەوە چۆن دەبێت، بەڵام پێشبینی دەکرێت پارەتەرخان کردن بە ڕادەیەکی زۆر کەم بکات. لە نووسراوێکی گشتینراوی ئەم دواییەدا کە لەم بارەیەوەیە، حکومەتی وێلز وتوویەتی نیازی وایە پشتیوانی لە دەستەڵاتە خۆجێیەکان بکات لە خۆسازدانیان بۆ فەراهەم کردنی خزمەتگوزارییەکانی یارمەتیدان لە داهاتوودا، کە لەسەر بنەمای ناوچەیی و هاوئاهەنگ لەگەڵ مۆدێلی نیشتیمانی بۆ کاری نیشتیمانی، پێشکەش بە قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان دەکرێت.

**ڕاستییەکان و ژمارەکان**

لەماوەی چوار ساڵی ڕابوردوودا بڕی ئەو کاتەی ئەندامانی دەستە بۆ قوتابخانەکان تەرخانیان کردووە بە بڕی 45% کەمی کردووە.

ئاماری ساڵانەی قوتابخانە بۆ ئاستی قوتابی Pupil Level Annual School Census (PLASC) لە جێنیوەری (کانونی دووەم) ی 2017 دا کە بۆ قوتابخانەکانی سوانسی ئەنجام دراوە و قوتابیانی تەمەن 3-19 ساڵی گرتووەتەوە، بۆی دەرکەوتووە کە:

- ژمارەی قوتابیان لە کەمایەتییە نەژادییەکان **5,338** قوتابین (14.6% ی کۆی قوتابیان)

- ژمارەی قوتابیانی EAL **4,220** قوتابین (11.8% ی کۆی قوتابیان)
- سەرباری ئینگلیزی و / یان وێلزی، **145** زمان و شێوە زمانی تر قسەیان پێ دەکرێت.

لە مارچ (ئادار) ی 2017 دا EAMU یارمەتیی پێشکەش کردووە بە:

- **68** قوتابخانە کە قوتابیانی EAL یان تیادا هەبووە و دەستنیشان کراون
- نزیکەی **2,345** قوتابیی EAL (هەندێکیان ڕاستەوخۆ و هەندێکی تریا بە هاوپشکی لەگەڵ قوتابخانەکاندا)
- بە جووت زمانی بە **10** زمانی جیاواز پێشکەشی بە **330** قوتابی کردووە

**پەیکەرەی دەستەیی لە ئێستادا**

| پەیکەرەی دەستەیی مارچ (ئادار) ی 2018 | ژمارە | FTE (Full-Time Equivalency) هاوتایی کاتی تەواو |
|---|---|---|
| سەرۆکی EMAU | 1 | 1.0 |
| گەورە فەرماندەی تیم (لە ناوەندی) | 1 | 1.0 |
| مامۆستایانی تایبەتمەند (6 ناوەندی / 13 سەرەتایی) (بە 4 فەرماندەی تیمەوە) | 19 | 14.8 |
| فێرکارانی یاریدەدەری جووت زمان Bilingual teaching assistants (BTA) / وەرگێران (بە 3 فەرماندەی تیم و 1 کارمەندی BTA ەوە کە لەلایەن نیو دایەرێکشنز New Directions ەوە خراوەتە سەر کار تا خزمەتگوزاری پێشکەش بە قسەکەران بە زمانی ڕۆمانی پێشکەش بکات) | 16 | 12.6 |
| کارمەندانی زانیاری data و کارگێری و ڕێکخستن (A&OA) | 3 | 1.7 |
| **کۆ** | **40** | **31.1** |
| *سەرباری ئەمانەش 3 BTA (3 fte) لە ڕێگای پارەی تەرخان کراوی SRP ( Syrian Resettlement Programma پرۆگرامی نیشتەجێکردنەوەی سوری) یەوە خراونەتە سەر کار و ئێستا لە لایەن سەرۆکی EMAU ەوە کاریان بەڕێوە دەبرێت بەڵام پارەیان لە پۆڤێرتی ئەند پریڤێنشن (هەژاری و بەرپێ گرتن) Poverty and Prevention هەڵگیراوە. | | |

| تێچوونەکان | 2018-19 |
|---|---|
| مووچەکانی BTA و A&OA (لەگەڵیشیاندا تێچوونە گشتییەکان) | £298,800 |
| مووچەکانی مامۆستایان (لەگەڵیشیاندا تێچوونە گشتییەکان) | £863,300 |
| کاتژمێری زیادە | £3,000 |
| خانەنشینی | £9,800 |
| بوونی مافی بیمە | £5,100 |
| تەرخان کردنی ئۆتۆمبیل | £3,000 |
| تێچوونەکانی تەلەفۆن | £3,000 |
| **کۆ** | **£1,186,000** |

**ئەنجومەن پێشنیازی چی دەکات بکرێت؟**

- کارکردن لەگەڵ حکومەتی وێلز سەبارەت بە پێشنیاز بۆ کاری ناوچەیی و فەراهەم کردنی خزمەتگوزاری.
- بەگەڕ خستنی دەزگایەکی خزمەتگوزاریی ناوەندێکە لە داهاتوودا بەردەوامیی هەبێت.
- گۆڕان بەرەوە بوون بە دەزگایەکی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکارانەی ناوەندیی پچووك كە یارمەتیی هەموو قوتابخانەکان بدات تا دڵنیا بێت لەوەی قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان لە قوتابخانە و لە کۆمەڵگا خۆجێییەکاندا جێیان بووەتەوە و دەتوانن ئەوەی لە توانایاندایە بەدەستی بهێنن (تەماشای بژاردەی بە باشترین زانراو بکە لەخوارەوە).

- شۆڕبوونەوە و دابەشکردنی دەستەڵات لەبەردەستە، پارە تەرخان کردنی سەربار لەلایەن حکومەتی وێڵزەوە بۆ قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان بۆ قوتابخانەکان، لە ڕێگای هاوکێشەیەکەوە دەکرێت.
- گواستنەوەی کاری بەڕێوەبردنی BTA یەکان کە لە لایەن پرۆگرامی نیشتەجێکردنەوەی سورییەوە پارەی بۆ تەرخان دەکرێت، بۆ پۆڤەرتی ئەند پریڤێنشن (هەژاری و بەر پێ گرتن) Poverty and Prevention.

**مۆدێلی بەباشترین زانراو بۆ فەراهەم کردن**

مۆدێلی پێشنیاز کراو بۆ داهاتوو ئەوەیە خزمەتگوزارییەکی ڕاوێژکارانەی ناوەندی پێشکەش بکرێت کە لە تایبەتمەندێکی سەرگەورە و دوو تایبەتمەند / ڕاوێژکاری جێبەجێکار پێك بێت. هەر پارەیەکی تەرخان کراو کە دەمێنێتەوە دەدرێتە دەست قوتابخانەکان. وا پێشبینی دەکرێت کە دەستە بچێتە سەر سۆولبێری Soulbury، مەرج و بەندەکانی تایبەتمەندانی چاککردنی پەروەردە Education Improvement Professionals (EIP).

ئامانج لە مۆدێلی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی داهاتوو ئەوەیە کە قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان لە قوتابخانەکان و کۆمەڵگا خۆجێیەکانیاندا جێیان ببێتەوە و بتوانن ئەوەی لە توانایاندایە بەدەستی بهێنن. مەبەستە مۆدێلی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بەم شێوەیە بێت:

- تیشکۆ بخاتە سەر باشترکردنی قوتابخانە و بنیاتنانی تواناکان و دوورکەوتنەوە لەوەی یارمەتی بۆ قوتابی لە ڕێگای ناوەندەوە فەراهەم بکرێت.
- چاودێری کردن و هەڵسەنگاندی پێشکەوتن و بەدەستهێنانی قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان بخاتە گەڕ.
- یارمەتیدانی قوتابخانە-بۆ-قوتابخانە و ئاڵوگۆڕی باشترین ئەزموونەکان هان بدات و بەرەوپێش ببات.
- باشکردنی زانین و کارامەییەکانی هێزی کاری ئەوانەی لە قوتابخانەکاندان تا بتوانن یارمەتیی قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان بدەن ئەوەی لە توانایاندایە بەدەستی بهێنن.
- پەرەپێدانی توانستی قوتابخانەکان لە لەئامێزگرتنی فرەڕەنگی، بە شێوەیەکی چالاکانە قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان لەخۆ بگرن و لەگەڵ باوانیان / سەرپەرشتیارانیان تێکەڵ بن و هاوکاری یەك بن.
- پەرەپێدانی توانستی قوتابخانەکان لەوەدا کە قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان دەنگیان هەبێت.

مۆدێلی داهاتووی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری ئەمانە فەراهەم دەکات:

- یارمەتی بۆ قوتابخانەکان تا خۆیان خۆ- هەڵسەنگاندن بۆ ئەو سەرچاوە فەراهەم کراوانە بکەن کە بۆ قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان / قوتابیانی EAL ن و پلانەکانی کردار پەرە پێ بدەن.
- بەڵگەنامەی ڕێنمایی و سەرچاوە.
- لیستێکی ئەو پشتیوانی و کۆرسی ڕاهێنانە ناوەندییانەی لەبەردەستن.
- دەستنیشان کردنی باشترین ئەزموون و ئاسانکاری بۆ پشتیوانی و یارمەتیی قوتابخانە – بۆ – قوتابخانە.
- ئاسانکاری بۆ تۆڕەکانی ڕێکخەرانی EAL.
- مامناوەند گیری لە ڕووماڵی ساڵانەی پێویستییەکانی EAL (Annual EAL Needs Survey) دا کە بۆ ئاماری ساڵانەی قوتابخانە بۆ ئاستی قوتابی Pupil Level Annual School Census(PLASC) ئەنجام دەدرێت.

وا پێشبینی دەکرێت هەر پارە تەرخان کردنێك لەلایەن حکومەتی وێڵزەوە بۆ قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان کە فەراهەم دەکرێت، لەسەروو ئەوەوە کە بۆ پڕکردنەوەی تێچوونەکانی دەزگای ناوەندیی خزمەتگوزاری پێویستە، دەستەڵاتی خەرج کردنی بدرێت بە قوتابخانەکان.پارەی تەرخانکراو لە بەکارهێنانی بۆ قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان بەولاوە هیچ بوارێکی تیادا نیە بۆ شتێکی تر بەکار بێت. بڕێکی دەستنیشان کراو دابەش دەکرێت بەسەر هەموو قوتابخانەکاندا بۆ بنیاتنانی تواناکان و خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕان و بڕەکەی تریش کە لەو تەرخانکراوە دەمێنێتەوە لە ڕێگای هاوکێشەیەکەوە کە ژمارەی قوتابیانی EAL و قۆناغە سەرەکییەکان و قۆناغەکانی دەستکەوتەکانی EAL لەبەرچاو دەگرێت، سەرف دەکرێت.

پەیکەرەی پێشنیازکراو بۆ دەستە و تێچوونەکان لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراونەتە بەر چاو:

| FTE<br>هاوتایی کاتی تەواو | پەیکەرەی پێشنیازکراو بۆ دەستە |
| --- | --- |
| 1.0 | تایبەتمەندی سەرگەورە (پێوانەی EIP ی سوولبێری، مەودای 8-11، سەرباری ئەوەش 3 خاڵی SPA) |
| 2.0 | تایبەتمەندانی جێبەجێکار (پێوانەی EIP ی سوولبێری، مەودای 3-6، سەرباری ئەوەش 3 خاڵی SPA) |
| **3.0** | **کۆی FTE یەکان** |

| £ | تێچوون |
| --- | --- |
| £185,840 | مووچەکانی ئەندامانی دەستە (بە 35.5% تێچوونی گشتییەوە) |
| £9,800 | خانەنشینی |
| £5,100 | بوونی مافی بیمە |
| £3,000 | تەرخان کردنی ئۆتۆمبیل |
| £1,000 | تێچوونەکانی تەلەفۆن |
| **£204,740** | **کۆ** |

**بژاردەکانی پێشتر بیریان لێ کراوەتەوە**

بەدەر لەو بژاردەیەی بەباشترین دەزانرێت کە بژاردەی دەزگای خزمەتگوزاریی ڕاوێژکارانەی ناوەندیی پچووکە، بژاردەی تریش خرابوونە بەرباس. کارکردێکی سەرەکی بۆ پشتگوێ خستنی بژاردەکان بنەمای پتەوی بوو کە لە یاسای خۆشنوودیی نەوەکانی داهاتوو (وێڵز) Well-being of Future Generations Actی 2015 دا هاتووە.

- هەڵگرتنی هەموو پارە تەرخان کراوەکە لە لای دەستەڵاتی خۆجێیی بۆ پێدانی خزمەتگوزارییەکی پچووکتر و بە ناوەندی کراو کە تیشکۆیەکی زیاتر بخاتە سەر باشکردنی قوتابخانە و کەمتر تیشکۆ بخاتە سەر یارمەتیی قوتابی لەچاو مۆدێلی خزمەتگوزاریی ناوەندیی ئێستا دا. لە میانەی کەم کردنەوەی پارەی تەرخان کراودا ئەمە ئیتر لە پاش ئەیپریڵ (نیسان) ی 2019 ەوە ناتوانرێت پارەی بۆ دەستەبەر بکرێت، و هیچ نیانییەك بۆ قوتابخانەکان ناهێڵێتەوە تا پێدانی یارمەتی و سەرچاوەکانی خۆیان پەرە پێ بدەن.
- هەڵگرتنی نزیکەی نیوەی پارە تەرخان کراوەکە لە پێناو پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکی ڕاوێژکارانەی ناوەندی و دانی نیوەی پارە تەرخان کراوەکە بە قوتابخانەکان. لە میانەی کەم کردنەوەی پارەی تەرخان کراودا لەوە دەچێت ئەمە لە داهاتوودا نەتوانرێت پارەی بۆ سەرف بکرێت یان پێویست دەکات جارێکی تر سەرلەنوێ پەیکەرەی دابڕێژرێتەوە یان نیانی کەم بکرێتەوە تا پارەی تەرخان کراو بە قوتابخانەکان بدرێن.
- هەموو پارە تەرخان کراوەکە بە قوتابخانەکان بدرێت. لە دەستەڵاتی خۆجێیی دا توانای ئەوە بەدەست نایەت یارمەتیی قوتابخانەکان بدرێت و ڕاهێنانیان پێ بکرێت یان پتەویی بەرنامەکان و گونجاوییان بۆ قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان / قوتابیانی EAL دابین بکرێت.

ئەنجومەن لەبارەی ئەو بژاردەیەوە ڕاوێژ دەکات بەڵام بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لەهەر کۆمێنتێکیش دەکات لەبارەی بژاردە پشتگوێ خراوەکانەوە.

**نۆڕینی کاریگەریی یەکسانی**

نۆڕینێکی کاریگەریی یەکسانی Equality Impact Assessment (EIA) ئەنجام دراوە. ئەم نۆڕینە پیشانی داوە کە پێشنیازەکە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەی لەسەر منداڵان و کەسانی لاو دەبێت لەبەر ئەو تیشکۆیەی دەیخاتە سەر زیادکردنی توانستی هەموو قوتابخانەکان لە قەدرزانینی فرە ڕەنگی و لەسەر لەئامێزگرتنی پەیوەندیی پۆزەتیڤانە و بەهێز لە نێوان خەڵکانی بنەچە جیاواز. EIA

بەڵگەنامەیەکی ’زیندوو‘ ە و بە درێژایی ڕاوێژکردنەکە و پرۆسەی بەکار خستنیشیدا چاکتر دەکرێت. ئەگەر داوای ڕونووسێکی EIA ی ئێستات دەوێت، ئەوا تکایە پەیوەندی بە education@swansea.gov.uk وە بکە یان سەردانی وێبسایتەکەمان بکە: www.swansea.gov.uk/emauconsultation

**دەمانەوێت تێبگەین ئەم پێشنیازانە چۆن چۆنی کار لەتۆ دەکەن و دید و بۆچوونەکانی تۆمان لا بێت بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات لە داڕشتنەوەی ئەم پێشنیازانە و لەسەر ڕێگای بەردەممان ڕێك بکەوین:**

- دەتوانیت لەکاتی ئەم کۆبوونەوە ڕاوێژکارییانەدا کۆمێنتەکانت بدەیت:

| | |
|---|---|
| مامۆستایانی سەرەکی: | 10 ی مەی (مایس) 2018، 9:00 بەیانی – 12 پاش نیوەڕۆ Canoflan Gorseinon |
| باوان: | ئیپریڵ (نیسان) / مەی (مایس) 2018 4 پاش نیوەڕۆ – 6 پاش نیوەڕۆ، شوێنەکەی دەبێت دیاری بکرێت. |
| قوتابیان: | لە ڕێگای ئەنجومەنەکانی قوتابخانەکان و دیوانی دەنگی قوتابی Pupil Voice Forum لە 9 ی مەی (مایس) ی 2018 دا، 4 پاش نیوەڕۆ – 6 پاش نیوەڕۆ، شوێنەکەی دەبێت دیاری بکرێت. |

- دەتوانیت ڕاپرسییەکەی کە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە (ئۆنلاین) لێرەدا بەردەستە، پڕ بکەیتەوە:
- www.swansea.gov.uk/emauconsultation

- دەتوانیت ئەو فۆرمە سەرەتاییە پڕ بکەیتەوە کە هاوپێچ نێردراوە و بینێریت بۆ:

FAO: Mr Rhodri Jones
Education Department
City & County of Swansea
Civic Centre
Oystermouth Road
Swansea
SA1 3SN

- هەموو کۆمێنتەکان کە دەنێردرێن، نابێت لە ڕێکەوتی 11 ی مەی (مایس) ی 2018، کاتژمێر 5 ی پاش نیوەڕۆ تێپەڕن.
- ڕاوێژکردنەکە بۆ دە 10 زمانی سەرەکی وەرگێردراوە کە قوتابییەکان و خێزانەکانیان قسەیان پێ دەکەن. هەر کاتێکیش کرا، داواکارییەکان بۆ زمانەکانی تریش دەکەین.

**بەدەنگەوەهاتنت بۆ ئەم ڕاوێژکردنە**

تکایە ئەم زانیارییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە:

| | من لەگەڵ پێشنیازەکەدام | من لەگەڵ پێشنیازەکەدا نیم | من نە لەگەڵ پێشنیازەکەم و نە دژیشیم |
|---|---|---|---|
| شۆڕکردنەوە و دابەش کردنی ی دەستەڵاتەکان لەبەر دەستە، پارە تەرخانکردنی سەربار لە لایەن حکومەتی وێڵزەوە بۆ قوتابخانەکان، بۆ قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان، لە ڕێگای هاوکێشەیەکەوە. | | | |
| گۆڕین بەرەو مۆدێلێکی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی ناوەندیی پچووك کە یارمەتیی هەموو قوتابخانەکان بدات بۆ | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی قوتابیانی کەمایەتییە نەژادییەکان جێگایان بووەتەوە و لەخۆ گیراون و ئەوەی لە تواناياندايە بەدەستی دەهێنن |

ئەگەر ئارەزوو دەکەیت هەر کۆمێنتێکی تایبەت لەسەر پێشنیازەکە بنووسیت، ئەوا تکایە لە خوارەوە بەو زمانە بینووسە کە خۆت دەتەوێت. ئەگەر هاتوو حەزیشت کرد بە دەنگ پێشکەشی بکەیت، ئەوا تکایە فایلێکی دەنگی بە MP3 بۆ education@swansea.gov.uk. بنێرە.

تکایە بینێرەوە بۆ:

FAO: Mr Rhodri Jones
Education Department
City & County of Swansea
Civic Centre
Oystermouth Road
Swansea
SA1 3SN

یان بە ئیمەیڵ بینێرە بۆ:
education@swansea.gov.uk